# ئاوگۆشتی هەڵووژان

**نووسه ر : ئەلی ئەشرەفی دەروێشیان**

**وەرگێڕ : ڕێناس جاف**

هـه رکـه پێمـان نایـه وه نێوکۆلانـه کـه ی مـاڵ ، دایـه کـه لـه نێـو حـه وزه کـه ی حـه وشـه دا،خـه ریکـی ده فرشـۆردن بـوو وتـی: " کـاڵ ومـاڵ نـه کـرن!زگتـان پێـی دێشـێ. پـاره کـه تـان بـه خورمـا یـان شتێ بده ن زگتانی پێ تێر بکات."

خـه والـوو و شـه کـه ت ، وه ڕێ کـه وتـین. خـۆر تـازه نیشـتبووه سـه ر پاسـاری بانـه بـه رزه کـان و بـه سـه ر قـه لـه پۆپـه ی چنارانـه وه خـۆی ده نوانـد. چۆلـه کـه جریـوه جریوێیکیـان نـابووه وه . به سه ر ،سه ربانانی دووره وه په خشه به نه کان له ژێر تیشکی هه تاوداورشه یان ده هات و چـاو بـه بریقه ی نه ختێ دێشا.

هـه ر سـێ باوێشـکمان ده دا. هـاوین بـوو کـه چـی کـزه ی سـاردی کووچـه وکۆلانـانی ئـاوپژێن کـراو، هه تا سه ر ئێسک کاریگه ر بوو. دلم خوتووره ی ئه کرد. سه رمام بوو. ته مه ڵ و تـه وه زل بووم.پێم خۆش بوو بگه ڕێمه وه ماڵ و بۆی بنووم. ده ستم له به رخشت کێشان، ته واو بلۆقی کردبوو. ساحێوماڵه کـه مـان لـه سه رووی شاره وه خه ریکی ماڵ دروسکردن بوو.

من و ئه گبه ر و ئه سکه ر کرێکاریمان بۆ ئه کرد. خاکمان ئه بێژا،خشتمان بۆ هۆساکار ئه برد، به ردمان ئه چنی و ناو کارمان بۆ ئه خست. کابرای ساحێوماڵ ، به ڵێنی پێ دابووین هه رکه کاری ماڵه که ی ته واو بوو، بۆ هه ر یه که مان، ده سێ که واو پاتوڵ(کۆت و شه واڵ) بکڕێ.

هه موو ڕۆژێ دایکم ، پـاره ی ئـه و ڕۆژه ی ئـه داینـێ و ئـه ینـاردین بـۆ سـه ر کـار. هـه رکـه ئـه مانـدا بـه وه ر دوکاناناوچاومان به سینی پڕ له بامیه1 ئه که وت، ئیدی هێزی پێمان نه ده ما.

ڕائه وه ستاین و چی پاره مان پێ بوو، هه موویمان خه رجی بامیه خواردن ئه کرد و هه تا شه وێ به زگی برسـی و بێ پاره،ده ماندایه سه ر(ده مانه وه).

دایه به کاری دروومان ، خه رجی ماڵی ده ر دێنا. خوشکه چکۆڵه که شمان عزرا یارمه تـی ده دا. باوکیشم چـوو بوو باخێکی به ئیجاره (به کرێ) گرتبوو. هاوینان ئه وه کاری بوو.

عـزرا شـه و بـه دڵێکـی بێگـه رد و خـوێن شـیرینانه بـه ئێمـه ی ئـه وت :کـاتێ نـان ئـه خـۆین، دایه ئه ڵێ : " ئای خوایه خۆزیا دوو باڵم هه بوا و فڕیبام و ئه م ماس و خه یاره م بۆ مناڵه کانم برد با.

ئه ی دایکتان بمرێ ده بێ ئێسته له نێو ئه و خاک و خۆڵه داچبکه ن و چ بخۆن ."

دایه نه یئه زانی ئێمه هه مان هه وه ڵی به یانی پاره کـه مـان خـه رج ئـه کـرد و هـه تـا دره نگـانی ئێـواره بـۆ وه ده س خستنی دوو قوروشان،چه نده مان خۆ ماندوو ده کرد.

یه ک له ڕێگه کانی پاره وه ده س خستن، ته شته هه ویر بردن بۆ نانه وا بوو. ژنێ هه بوو هه ویری ده شێلا و ئه یبرد بۆ نانه وا هه تا نانی تایبه تی پێ دروس بکات. ئه گبه ر ته شته نانه که ی ئه نا به سه ر سه ریه وه و ئه یبرد بۆ نانه وا و دوو قرانی وه رده گرت. ئه سکه ریش شڕه قاقه زی نێو کووچه و کۆڵانانی خڕ ئه کرده وه ئه یبرد بۆ مامۆ یۆسووی دوکاندار و دووقرانی وه رئه گرت.

ڕۆژێکیان مامه یۆسوو قاقه زه کانی هه ڵده دایه وه که له پڕێک چاوی به ڕیقنه (جیقنه) ی مران له نێو شڕه قاقه زه کانا که وت و ئیدی قاقه زی لێ نه کڕین. نیوه ڕۆان شه که ت و ماندوو و برسی داده نیشتین و ئه و تۆزه نانه ی پێمان بوو، خۆمان پێوه سه رقاڵ ده کرد. مامۆ یه ده کابراێیکی فه عله و کرێکار بوو که هه موو ڕۆژێ نیوه ڕۆان کاڵه کێکی ده کڕی . ڕۆژێکیان له لا ده ستیه وه دانیشتبووین . کاڵه که ی له ت کرد و قاژ قاژی کرد. که چی کاڵه ک گه نیو ده رچوو. نێوه وه ی ته واو ڕه ش هه ڵگه ڕابوو. هه موومان ده سمان کرد به پێکه نین ،مامه یه ده به ده سمانه وه تووڕه بوو ووتی : " ئیتر کاڵه ک ناکڕم ،ئه ی بۆ شتێکی تری پێ نه کڕم، چاوم خۆ جارێ چاک کار ئه کا.ها! ترێی پێ ئه کڕم. ئیتر ئێوه ش که م پێکه نن. باشه هه تا ئێسته کاڵه ک و شووتی گه نیوتان نه دیوه! "هه ر بۆیه کاڵه که که ی تووڕ دا که چی ئێمه هه ڵمانگرت و خواردمان.

ڕۆژی دواتر که زۆرمان برسی بوو ، کوڕێ پاکه تێ خورمای به ده سه وه بوو و به کووچه دا تێده په ڕی. کوڕه کۆت و شه واڵێکی جوانی له به ر دا بوو و قژێکی درێژیشی پێوه بوو. خورما ، زگی برسی ئێمه ی وه تاو خستبوو . به ئه گبه رم وت : " ئه توانی خورماکه ی له ده س بفڕێنی و ڕاکه ی ؟ "ئه گبه ر ئاوی ده می قوت دا و وتی : " ئه رێ، ئه رێ کاکه گیان.

هه ر ئێسته ده چم . "ئه گبه ر به هه زار فێڵ و ڕموزنانه ،خۆی له کوڕه نێزیک کرده وه و لێی پرسی : " ئه رێ کوڕه که ماڵی ئاغه ی ئۆجاق زاده له کوێیه ؟ "کوڕه هه تا هات سه یری ده ور و به ری بکات ، ئه گبه ر پاکه ته خورماکه ی له ده س فڕاند و پێی پیا هێنا .

کوڕه به قیژ و قاژ چووه وه بۆ ماڵ و دایکی و چه ن خزمێکی دی هێنا.له ترسانا هه ڵده له رزین . کوڕه ڕووی له من کرد و وتی : " کوڕێکی کراس سوور بوو. هه ر لێره کاری ئه کرد، چی لێهات؟ "

من وتم : " نازانم. نایناسم. "

ئه گبه ر له دووره وه له سووچی دیواره وه سه رێکی ئه کێشا و من ده مدی . کوڕه و دایکه بوون . به ڵام ئه گبه ر هه تا تاریکانی ئێواره له وێ مایه وه و نه یده وێرا بگه ڕێته وه لامان.

ئه سکه ر سنووقێکی دارینی چکۆڵه ی هه بوو که هۆساکه مان ناوی نابوو (سنووقی نه گبه تی) چوونکه چه ن په ل نانه ڕه قه ی تیا بوو،دایمه ش له سه ر هه مان نانه ڕه قه ، لێمان ئه بوو به شه ڕ و کێشه وبه گژ یه کدا ئه چووین .

سنووقه که مان له ماڵه وه پڕ ئه کرد له نانی په زێره و ده گه ڵ خۆئه مانبرد بۆ سه ر کار . هه ندێ جاریش ئه سکه ر قۆلانچه یان کولله یێکی ئه کوشت و ئه یخسته نێو سنووقی نه گبه تییه وه .شه وان به سه ر و چاوی خاک و خۆڵین و شه که ت و ماندوو،ئه گه ڕاینه وه ماڵ و به وپه ڕی ئیشتیاوه خوان و سفره که مان چی تیا بوایه، ده مانخوارد. ئه سکه ر هێشتا تیکه که ی قوت

نه دابوو، ده نگی پرخه پرخی به رز بووه وه، دایه ئه یگرت باوه شه وه و ئه یبرد له سه ر جێگه که ی ئه یخه واند و به دڵێکی خه مینه وه ئه یلاوانده وه : " بنوو ڕۆڵه نان ده ر هاوه ره که م،

بنوو پشه ی خاک و خۆڵینم. دایه به قوربانی ئه و ده سه زوور وتلیش تلیشه ت بێ. بنوو ئازیزه که م. "شه وان که ده نووستم ، پێم خۆش بوو ئیدی هه ڵنه ستمه وه.
به یانان زوو دیسان به هه زار زه حمه ت ، هه ڵده ستاینه وه وده که وتینه وه ڕێ. ڕۆژێکیان نیوه ڕۆ ، خه مین و دڵ پڕ ، له ته نیشت دیواری بینا نیوه چڵه که وه ، دانیشتبووین.
بۆنی هاڵاو و سه بوونی هاوینی هه تا سه ر گیان کاری ده کرد.
زارم بۆنی خاکی ده دا. ئه گبه ر چاوی ته واو سوور هه ڵگه ڕابوو وزۆریش دێشا. کڵۆ قسڵێ که وتبووه نێو چاویه وه .ته واو شه که ت و ماندوو و برسی بووین . هۆساکار و فه عله و
کرێکاره کان ، پێکه وه دانیشتبوون و له نێو ئه و هۆده ی تازه داره ڕا کرابوو ، خه ریکی خواردنی نانی نیوه ڕۆ بوون . خۆر له نێوه ڕاستی ئاسمانا بوو. کابرائیک له نێو کۆڵانا،
کوته سه هۆڵێکی نابووه سه ر ڕۆژنامه ئیک و کرژێ به و ناوه دا تێده په ڕی. له پڕێک ژنێکی چارشێو ڕه شم به رچاو که وت که ده هاته به رامبه ر ده رکه ی حه وشه که . له دووره وه ئاماژه ی به من ده کرد. لێی نێزیک که وتمه وه . دیتم دایکمه . ئازای ئه ندامی سوور هه ڵگه ڕابوو و ئاره قی زه رد و سوور، به سه ر و چاویائه تکایه خوار .
ئه و هه موو ڕێیه ! ئه ویش به پێیان! په رۆشی گیانمی داگرت . دایه چارشێوه که ی لادا و له بن چارشێوه وه ، تۆشه ره ئیک وه ده ر که وت که پێمی دا و وتی :
" ئیمرۆ ئاوگۆشتی هه لووژه م ساز کرد. هه رچیمان کرد، نه مانتوانی بێ ئێوه ی بخۆین. عزرام به ته نێ له ماڵه وه به جێ هێشتووه و به شه که ی ئێوه م هێنا ، هه تا گه رمه ڕۆڵه بیخۆن. ڕۆڵه ئاوگۆشته که زۆر به له زه ته . نۆشی گیانتان بێت ."بۆنی ئاشنای ئاره قه ی جه سته ی دایکم ،ده گه ڵ تام و بۆی به له زه تی ئاوگۆشته که ، تێکه ڵ ببوو، به ڕاستی که وه که یفی ده خستین. وتم : " دایه گیان یاخوا ده ستت خۆش بێ . "
ئه گبه ر و ئه سکه ریش ،پێیان زانی و هاتنه لام . دایه ڕوخساری خاک و خۆڵینی ماچ کردن و هه رکه چاوی سوور هه ڵگه ڕاوی ئه گبه ر ی دی، چه پاڵه ئیکی کوتا به ده م و چاوی خۆیدا و
فرمێسک زایه نێو نیگایه وه و لێی دا چوو.تۆشه ره که مان کرده وه و ده وریه که ی سه رمان لادا که گۆشته که ی کوتابووه وه و نابوویه نێویه وه . نانی ژێر ده وریه که مان کرد به تریت . ئه سکه ر پاروویێک له گۆشته کوتاوه که ی خوارد . ئه گبه ر چه پاڵه ئیکی کوتا به سه ری ئه سکه ردا و وتی : " با له پێشدا ئاوگۆشته که بخۆین.
تۆ بۆ ئه وه نده چڵێسی، خۆ هێشتا که س پاروویێکی لێ نه خواردووه ! "
ئه شک به گۆشه ی چاوانی ئه سکه ردا تکایه خوار و به سه ر گۆنای خاک و خۆڵینی دا که له به ر تیکه که ، ده ر په ڕیبوو، خزا و که وته سه ر عه رد. زۆرم پێ ناخۆش بوو، مستێکم کوتا
به سه ر سینگی ئه گبه ردا . ئه گبه ر له قه ئیکی دا له ئاوگۆشته که و فرێی دایه نێوه ڕاستی حه وشه که وه . خوێن به ری چاوی گرتم ونه متوانی هیچ بکه م . چنگم کرد به نێو گۆشته که دا، شێلام و کوتام به سه ر خاک و خۆڵه که دا. هه ر سێکمان ده سمان کرد به گریان.
هۆساکار له مامه یه ده ی پرسی : " ئه م مناڵانه چییانه، بۆ وا ئه که ن. بۆچی ئیمرۆ وه ک کتک و مشک که وتوونه ته گیانی یه ک ؟ "

**. مران كه له م كورته چيرۆكه دا**

مامه يه ده جواوی دايه وه : " نازانم. ڕه نگه له سه ر ميراته كه ی باوكيان به شه ڕ بێن. يانه خێر ، سنووقه كه ی نه گبه تييان كردبێته وه . "

سه ر و چاوم به قۆڵی كه واكه م سڕی . يه ڵه كه كه م هه ڵگرت و به ره و لای ته پكه خاكه كه چووم.

———————————————————————————————

هاوينی ساڵی 1352 هه تاوی(1972–73) زايينی

1 : جۆره شيرينيه كه

په يڤێ : ئه م كورته چيرۆكه له كتێبی : له نه دار هه تا دارا

وه رگيراوه و وه رمگێڕاوه ته سه ر كوردی. ئه‌م كتێبه ساڵی 1381 هه تاوی

2003 زايينی له لايه ن په خشكاری ئيشاره له تاران له چاپ دراوه.

ئه م كتێبه داگری هه ڵبژارده ی چيرۆكه كانی نووسه ری

كوردی، فارسی نووس " ئه‌لی ئه‌شره‌فی ده‌روێشيانه . بۆ وتن ده شێ هه وێنی زۆربه ی

به رهه مه كانی نووسه ر كۆمه ڵگه كه ی كوردانه.

**مران : مه به ست له مريشكانه، كۆی مريشكه .**

Renas caf@yahoo.com